# کۆتایی هاتنی تەمەن بەخراپە نیشانەو هۆکارەکانی

بەشی دووەم وکۆتایی

✍ م. فەرەیدون موحەممەد

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

لەپاش ئەوەی لە بەشی یەکەمدا باسی کۆتایی هاتنی تەمەنمان کرد بە چاکە بە پشتیوانی خوای گەورە لە بەشی دووەم‌و کۆتاییدا دێینە سەر باسی:

## کۆتایی هاتنی تەمەن بەکاری خراپە:

واتە: ئەو بەندەیەی کەوا دوای ئەو هەموو هەوڵ‌و تێکۆشانەی لە خزمەتی دینداری‌و خواناسیدا بەسەری بردووە، بەلاّم بەردەوام نابێت‌و زوو کوڵ دەدا واتە ناگاتە دوا مەنزڵی چاکان، هەر بۆیە بەو جۆرە کەسانە دەوترێت: (ئاخر شەڕ) کە بەڕاستی ئەو هۆکارانەش زۆرن کە بەندە وا لێ دەکەن بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاو بنێ وخۆی لێ ون بێت. بۆیە پێویستە مرۆڤ هەمیشە ئاگادارو وریا بێت، خۆی مل کەچی شەیتان ودارو دەستەکەی نەکات، چونکە رسول الله ﷺ دەفەرموویێت:

(يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ)(1).

واتە: هەموو بەندەیەك لەسەر ئەو حاڵەتە زیندوو دەکرێتەوە کە لەسەری مردووەو کۆتایی بەژیانی هاتووە.

کەواتە بامرۆڤ ژیرانە بڕوانێتە سەرەنجام و دواڕۆژی خۆی، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە ئامادەباشیدا بێت وەبەهیچ شێوەیەك ساردبوونەوەو دابڕان ڕووی تێ نەکات، ئەی بەندەی خوا ئامۆژگاری بۆ خۆم پاشان بۆ تۆش نەکەی تەوبە دوابخەیت یان ساردی لەبەرامبەریدا بنوێنی!! ئەزانی بۆ؟؟ لەوانەیە بڵێی بۆچی؟ منیش

---

(1) (رواه مسلم: 7413) .

پێت دەڵێم: لەبەر ئەوەی یەکەم: تۆ نازانی کەی دەمری؟ دووەم: تۆ نازانی کۆتایی تەمەنت بەچی دێت؟ سێیەم، تۆ نازانی لەسەرچی کردەوەیەك دەمری؟ دەی کەواتە ئەوە بزانە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١﴾ [النور].

واتە: تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، تابەهۆی ئەو تەوبەیەوە ڕزگاربن و سەرفرازی دواڕۆژبنو پارێزراویش بن لە سزای خوای گەورەو میهرەبان.

شێخ حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرمووێت: دڵی مرۆڤ بەشەش شت خراپ دەبێت: (یەکێك لەوانە کەسێکە تاوان دەکات بەتکای ئەوەی کە تەوبە بکاتو بەردەوامە لەسەری‌و بەلآم هەر تەوبەکەی دوا دەخات تا وای لێدێت مردن یەخەی دەگرێتو ئەویش فریای تەوبە ناکەوێت). هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کۆتایی تەمەن بەخراپە دەهێنێت بریتییە لەهیوا بوون بەدونیاو پشت کردنە قیامەت هەروەك عبداللەی کوڕی عومەر ﵄ دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی خستە سەرشانمو فەرمووی:

(كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقُولُ إِذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تَنْتَظِرْ الصَّبَاحَ وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تَنْتَظِرْ الْمَسَاءَ وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)[2] .

واتە: لەژیانی دونیادا وابژی بەوێنەی کەسێکی نامۆ یان ڕێبوارێك، وە عبداللەی کوڕی عومەر﵄ فەرمووی: ئەگەر ئێوارەت کردەوە چاوەڕوانی بەیانی مەکە, ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕوانی ئێوارە مەکە، وەسوود لە لەش ساغیت وەرگرە بۆ کاتی نەخۆشیت، وەسوود لەدونیات وەرگرە بۆکاتی سەرە مەرگت. کەواتە: زۆر بەئاگابە براو خوشکی ئازیز....مردن هەردێت ......بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لێت ڕاپێچی دونیایەکی ترت دەکات. دەی کەواتە ئاگاداری ئەم خالآنە بە بزانە هیچیانت تیدا بەرجەستە نییە؟ ......

(2) (رواه البخاري: 6416) .

**یەكەم– مردن لەسەر تاوانێك ( هاوەڵ بڕیاردان ) كەبەهەمیشەیی لە دۆزەخدا دەتهێڵێتەوە:**

هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاكو بێ هاوبەش یەكێكە لە تاوانە زۆر گەورەكانو مرۆڤ بۆ هەتاهەتایی لەدۆزەخدا دەهێڵێتەوە، جائەمەش بەوە دەبێت كە مرۆڤ كەسێك یان بەردێك یان دارێك یان مانگ یاخود پێغەمبەرێك یان هەرشتێكی دی بكاتە هاوەڵی خوا لە پەرستنو هاوار بۆ كردنو پەنا پێگرتنو داواكردندا وەكو هاوشێوەی خوای لێ بكات، هەركەسێك بەم شێوەیە بكاتو تەوبەی لەسەر نەكاتو بمرێت ئەوە بەهەشتی لێ حەرام كراوەو بۆ هەتا هەتایش دۆزەخیە، هەر بۆیەش ئەم هاوەڵ بڕیاردانە دوو جۆری هەیە كە ئەوانیش: (الشرك الاكبر) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە: ئەم جۆرە بریتییە لەو شیركەی كە خاوەنەكەی بێ باوەڕ دەبێت وپێی لە ئیسلام دەردەچێت (دوای ئەوەی پێی ڕادەگەیەنرێتو بەڵگەی پێویستی لەسەر دەكرێت) ئەویش چەند جۆرێكی هەیە لەوانە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا لە: پەروەردگارێتیدا، وەلەپەرستندا، وە لە ناوو سیفەتدا.

(الشرك الاصغر) هاوەڵ بڕیاردانی بچووك: ئەم جۆرەیان ئەوەیە كە خاوەنەكەی پێی لە ئیسلام دەرناچێتو بێ باوەڕیش نابێتو كردەوەش هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵام تاوانێكی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، وە مەترسی چوونە دۆزەخیشی لێ دەكرێت، لەوانە هاوەڵ بڕیاردان لە: نیەتدا وە لە ووتەو زماندا، وەلە شێوازی كردەوەدا .خوای گەورەش دەفەرمووێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨﴾ [النساء] .

واتە: خوای گەورە لە كەسێك خۆش نابێت كە هاوەڵی بۆ بڕیاردابێت، بەڵام لە غەیری شیرك خۆشدەبێت بۆ كەسانێك بە ویستی خۆی، وەهەركەسیش هاوەڵ بڕیار بدات ئەوە بەڕاستی تاوانێكی گەورەی ئەنجام داوە. ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ ٧٢﴾ (المائدة) .

واتە: هەر كەسێك هاوەڵ بڕیار بدات بۆ خوا ئەوە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە

بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات، وە بۆ هەتا هەتایش شوێنی ئەو ناو ئاگرە. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ وَمَنْ مَاتَ وَهْوَ لَا يَدْعُو لِلَّهِ نِدًّا دَخَلَ الْجَنَّةَ)(3) .

واتە: هەرکەسێك مردبێتو لە حاڵەتێکدا هاواری لە غەیری خوا کردبێت دەچێتە ئاگرەوە، وەهەرکەسێکیش مردبێتو هاواری لە غەیری خوا نەکرد بێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

**دووەم: مردنی کەسی نوێژ نەکەر:**

نوێژ بریتیە لە خواپەرستیەکی گەورە کە بە کردارو دەربڕینو خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزو چەند پاڕانەوەیەکی دیاری کراو لە سوننەتی صەحیحدا، هەر لە دابەستنی الله اکبر تاکو سەلام دانەوە نوێژکردن لە دینی ئیسلامدا گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە، هەرنوێژیشە کۆڵەکەی دینەو هیچ خواپەرستیەکی تری ناگاتێ، وە تەنها نوێژیشە دەبێتە هۆی ڕۆشن کردنەوەی دڵانو بەرچاو ڕوونی چاوانو پاك بوونەوەی دەروون، وەپشوو دانێکیشە بە ڕوحو لاشە، سەر لە نوێ تازە کردنەوەی پەیوەندیە لەگەڵ پەروەردگاری بەرزو بێ وێنە، کەواتە پێویستە ئاگاداری نوێژەکانمان بین ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی بدەین وە پەنا بگرین بەخوای گەورە لە کەسانی نوێژنەکەر،

خوای گەورەش دەفەرمووێت:

﴿ ۞ فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ ﴾ [مريم] .

واتە: لەدوای پێغەمبەرانو پیاوچاکان نەوەیەك هاتن بە دوایاندا نوێژەکانیان دەفەوتاندو شوێنی هەواو ئارەزووەکانیان کەوتن، جا ئەوانەش بەهۆی ئەو نوێژ فەوتانو نەکردنەیانەوە تووشی ئازارو زیان دەبنو دەگەن بە تۆڵەی خۆیانو بەسزای شێویێك لەشێوەکانی دۆزەخ. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: کاتێك کە هەندێك کەس دەچنە ناو سەقەرەوە کە ناوێکە لە ناوەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکرێت: ﴿ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ ﴾ [المدثر] .

---

(3) (رواه البخاري: 4497) .

واتە: ئەوە هـۆی چـی بـوو ئێـوە ڕاپێـچی دۆزەخ کران؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: چـونکە ئێمـە لـە گـرۆی نوێـژ کـەران نەبووین.

وە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێت: (خَمْسُ صَلَوَات كَتَبَهُنَّ اللَّهُ عَلَى الْعِبَـادِ فَمَنْ جَاءَ بِهِنَّ لَمْ يُـضَيِّعْ مِـنْهُنَّ شَـيْئًا اسْتِخْفَافًا بِحَقِّهِنَّ كَانَ لَهُ عِنْدَ اللَّه عَهْدٌ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ لَمْ يَأْتِ بِهِنَّ فَلَيْسَ لَـهُ عِنْدَ اللَّه عَهْدٌ إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإِنْ شَاءَ أَدْخَلَهُ الْجَنَّةَ)(4).

واتە: پێنج نوێژ هەن ئەوانـەی کـە خـوای گەورە لەسـەر بەنـدەکانی نووسـیوە، جـا هەر کەسێك جـێ بـەجێی بکـات وە هـیچ شـتێکی لـێ نەفەوتانـدبێ، بـەهۆی کـەم تەرخـەمیو گـوێ پێنەدانـەوە، ئـەوە لای خوای گـەورە بـەڵێنو پـەیمانی هەیـە کـە بیخاتــە بەهەشــتەوە، بــەڵام ئەگــەر بــە پێچەوانەوە بوو، کەسەکە لـەکاتی خۆیـدا ئەنجامی نەدابێو نوێـژەکانی فەوتانـدبێ، یان هەر نـەیکردبێ، ئـەوە مـافی خوایەکـە هیچ بەڵێنو پەیمانێکی نەداتێ بەوەی کـە بیخاتە بـە هەشـتەوە، ئەگـەر ویـستی لـێ بــوو ئـــەوە ســـزای دەدات وەئەگـــەر ویستیــشی لــێ بێــت ئــەوە دەیخاتــە بەهەشتەوە.

## سـێ هـەم: مـردن لەسـەر کـاری داوێـن پیسی:

کاری داوێن پیسی (الزینا) بریتییە لـەوەی کە دوو کـەس لـەدوو ڕەگـەزی جیـاواز لـە جێگەیەکـدا کۆببنــەوەو ئــەو کــارە بــەد ڕەوشتیە ئەنجام بدەن، ئـەو کـارە دزێـوو پـیس و گڵاوەیـە کەدەبێتـە هـۆی خـراپ کۆتایی هاتنی تەمەن، وەدەشـبێتە هـۆی تێـك چـوونو شـیرازە پـچڕاندنی نێـوان تاکـــەکانی کۆمەڵگـــەو بڵاوبوونـــەوەی نەخۆشیو نەمانی شەرمو ڕێزو پلەو پایە، بۆیە هەرکەسێك پیشەی ئەم کـارە بێـتو بــەردەوام بێــت لەســەریو هــەر لەســەر ئەوەش بمرێت، ئەوە بێگومان دواڕۆژێکی ترســناك چــاوەڕوانی دەکــات، خــوای گەورەش دەفەرمووێت:

﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾ [الاسراء] .

واتــە: نزیکــی زینــا مەکــەون، چــونکە بەڕاســتی ڕەوشــتێکی بــەدو خــراپو

---

(4) (رواه احمد وابوداود وابن ماجة والنـسائي وصـححه الشيخ الالباني في: صحيح الجامع الصغير: 3243) .

ناشـيرینەو ڕێگەیـەکی تـا بلێـی دزێـوو بێـزراوە. (نـەك هـەر مەیکـەن بـەڵکو نزیکیـشی مەکـەون هۆکارەکـانی نزیـك کەوتنـەوەش زۆرن لەوانـە: تێـڕوانینی حـەرام، تەوقـەکردن لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبەر، بەتەنها مانەوەی ئافرەت وپیاو لـە شـوێنێکدا،.......هتـد هـەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

( لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ )(5)

واتە: ئـەو کەسـەی کـە کـاری زینـا کـردن ئـەنجام دەدات ئـەوە لـەکاتی زیناکـەدا باوەڕەکەی لە لاشەی دەردەچێت.

یاخود خەمخۆری مرۆڤایەتی پێشەواو ڕێ نیـشاندەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمووێت:

(إِذَا زَنَى الرَّجُلُ خَرَجَ مِنْهُ الْإِيمَانُ كَانَ عَلَيْهِ كَالظُّلَّةِ فَإِذَا انْقَطَعَ رَجَعَ إِلَيْهِ الْإِيمَانُ)(6).

واتە: هەرکات بەندەیەك لەبەندەکانی خوا زینا بکات لەکاتی زیناکردنەکەدا باوەڕ لە لاشـەیدا دەردەچـێتو لەسـەر سـەری دەوەسـتێت، جـا هـەرکات وازی لـە زیناکردنەکـەدا هێنـا ئـەوە باوەڕەکـەی دەگەڕێتەوە لاشەی.

**چوارەم: خۆکوشتن:**

خۆکوشتن یان ئازاردانی لاشە بەهەرشتێك کەببێتە هـۆی لەناوچوونو مردنـی ئـەوە حەرامـەو لـەکارە بێزراوەکانـە، جائـەم خۆکوشـتنە ئەگـەر لەبـەر ئـازارو ئەشکەنجەی لاشە بێت یـان لەبـەر خـەمو خەفەتو ئێش بێت کە کەسێك بەرامبەری دەیکـات، یـان لـەداخی کـوفری بەرامبـەر بێت یان......هـەمووی حەرامـەو دەبێتـە هـۆی کۆتـایی هـاتنی تەمـەن بـە خراپـە، بۆیـە بەنـدەی خـوا پێویـستە هەمیـشە ئارامگرو لەسەر خۆبێت، چـونکە هـەرکات توشـی خـەمو خەفـەتو نارەحـەتیو نەهامەتی بوو پێویستە ئـارامو لەسـەرخۆ بێت لەبەرامبەر ئـەو ئازارانـەدا نـەك پـەنا بباتـە بـەر (خۆکوشـتن) خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمٗا ٢٩﴾ (النساء: 29) .

واتـە: نەکـەن نەفـسی خۆتـان بکـوژنو لەڕەحمـەتی خـوا بـێ ئومێـدبن، چـونکە بەڕاسـتی خـوای گـەورە زۆر بەبەزەییـە بەرامبەر بەئێوە، پاشان دەفەرمووێت:

---

(5) (رواه البخاري: 3475، ومسلم: 57).

(6) (رواه أبوداود والترمذي والبيهقي وصـححه الـشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: 2394) .

﴿ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ ﴾ (النساء) .

واتــە: هەرکەسـیش کـاری نـاڕەوای ئـاوا بکات بەهەر نیازێك بێت، ئەوە لەئایندەدا دەیخەینـە نـاو ئـاگری گـەورەوە تـاکو بسوتیّو سزا بچێژێت، ئـەم کـارەش بـۆ خوای گەورە زۆر ئاسانە .

هەروەها پێغەمبـەری خـوا دەفـەرموێت: (مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا وَمَنْ شَرِبَ سَمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا)[7] .

واتە: هەرکەسێك خۆی بکوژێت بەئاسنێك (لێرەدا بەمانای ئەوانە دێت کە لـە ئاسن دروستکراون ( فیشەك، چەقۆ، شمشێر، شیش، چەکوش،....) ئـەوا بـەو ئاسنەی کـە خـۆی پـێ کوشـتووە لـەناو دۆزەخـدا بـەردەوام لـە خـۆی پـێ ئەداتـەوە و بـە نەمریو هەتاهـەتایی تێیـدا دەمێنێتـەوە، وەهەرکەسیش خـۆی ژەهـر خـوارد بکـات جا بەهەرجۆرە دەرمانێك بێت یان بەهـەر جۆرە خواردنو خواردنەوەیەك بێت ئـەوە ئـەو ژەهـرەی خـۆی پـێ کوشـتووە بـەردەوام لەدەستیدایەو لـەناو دۆزەخـدا خـۆی پـێ دەکوژێـتو بـۆ هـەتا هـەتایی تیایدا دەمێنێتەوە، وە هەرکەسیش خۆی لەشاخێکی بەرزەوە فڕێ بداتـە خـوارەوە بەمەبەسـتی خۆکوشـتن یـان لەسـەر دیـوارەوە یـان لەهەرشـوێنێکی بـەرزەوە ئەوە بەردەوام لەناو دۆزەخدا لەو شـوێنە بەرزەوە هەڵدەدرێتـە خـوارەوە بـۆ هـەتا هـەتایی لەدۆزەخدایـە . یـاخود لـە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت:

(الَّذِي يَخْنُقُ نَفْسَهُ يَخْنُقُهَا فِي النَّارِ وَالَّذِي يَطْعُنُهَا يَطْعُنُهَا فِي النَّارِ)[8] .

واتـە: ئەوکەسـەی کـە هەناسـە لـە خـۆی دەبڕێتو خۆی دەخنکێنێت ئەوە دەچێتە ئاگری دۆزەخەوەو لەوێش بەردەوام خۆی دەخنکێنێت، وەهەر کەسێکیش بـە هـەر

(7) (رواه البخاري: 5778، مسلم: 109) .

(8) (رواه البخاري: 1365).

شتێك نەفسی خۆی بكوژێت دەچێتە دۆزەخەوە .

**پێنجەم: خۆشویستنی تاوان و بەردەوام بوون لە سەری:**

هەركاتێك لەناو خەڵكیدا تاوان زۆر بوو وەشوێن كەوتەو جێبەجێكەری زۆر بوو، وەبەشێوەیەكی سانایی و سوكی تەماشاكرا هەروەها ئەنجام دانیشی بووە شتێكی بەردەوام، ئەوە بێگومان چاوەڕوانی خەشم و قینی خوا دەكرێت بۆ سەر زەوی، جاخووگرتن بەتاوان وپەشیمان نەبوونەوە لێی كردارێكی ناپەسەندو جێی خۆشحاڵی شەیتانە، هەروەها شوێنی گرتنەوەی تاوانیش زیاتر ناو دڵەكانە، هەركات جێی خۆی كردەوە لەناو دڵدا ئیبلیس ودارودەستەكەشی لە پیلاندانانداندان بۆی، تا بەوەی ڕاپێچی ناو دۆزەخی بكەن و كۆتایی تەمەنی بەخراپە بهێنن، كەواتە ئیستا باهەریەك لەخۆمان بپرسین ئەوە بۆچی دڵ هەندێك جار بە (قلب) هاتووە بێگومان وەڵامەكەی زۆر ئاسانە، زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەفەرموون: دڵ سیفەتێكی هەیە ئەویش ئەوەیە زوو هەڵدەگەڕێتەوە بۆیە پێی دەوترێت قلب. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:( دڵی ئەوەی ئادەم لەو شلەیەی كە لەناو دەفرێكدایە دەكوڵێت و ئەم دیوو دیودەكات، توندترو خێراتر ئاوەژوو دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە)(9).

تاوان بەربەستێكی گەورەیە لەبەردەم چوونە بەهەشت وكۆتایی هاتنی تەمەن بەچاكە، بۆیە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لەفەرموودەیەكی تردا دەفەرمووێت:

(إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خَطِيئَةً نُكِتَتْ فِي قَلْبِهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ وَتَابَ سُقِلَ قَلْبُهُ وَإِنْ عَادَ زِيدَ فِيهَا حَتَّى تَعْلُوَ قَلْبَهُ وَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذَكَرَ اللَّهُ ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾(10) .

واتە: هەركاتێك بەندە كەوتە ناوتاوانەوە، ئەوە یەكسەر خاڵێكی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێت، جا ئەگەر لەو تاوانە پەشیمان بووەوەو داوای لێ خۆشبوونی لە خوا كردو گەڕایەوە ئەوە خاڵە ڕەشەكەش لەسەر دڵی دەسڕێتەوەو نامێنێ، بەڵام ئەگەر هەر بەردەوام بوو

(9) (بڕوانە: سلسة الاحاديث الصحيحة: 1772).

(10) (رواه الترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: 1620) .

لەسەر تاوانو دەگەڕایەوە سەری ئەوە وردە وردە ئەو خاڵە گەورە دەبێتو تاوای لێدێت هەموو دڵی داگیر دەکاتو ئیتر ئەو پەردەیە دەدرێت بەسەر دڵیدا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ [المطففين] .

واتە: نا وانییە، بەڵکو ئەوەی دەیانکرد لەخراپەو تاوان هەر بەو هۆیەوە خوای گەورە پەردەی هێنا بەسەر دڵیاندا (قال الحسن: هو الذنب على الذنب حتى يموت القلب. قال ابن عباس: "ران على قلوبهم" طبع عليها)[11] .

پێشەوا حەسەن (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: واتە تاوان لەسەر تاوان ئەنجامی دەدەن تاکو مردن دەگاتە سەریان، پێشەوا ابن عباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێ: "ران على قلوبهم" طبع عليها واتە مۆر دەدرێت لەسەر دڵیان جا بەبێ گومان هەرکەسیش مۆر بدرێت لەسەر دڵی بە هۆی تاوانەوەیە وەئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە.

**شەشەم- هیوا درێژی بەژیانی دونیا:**

هیوا بوون بەژیانی دونیاو کەوتنە ژێرباری ئەو خەمەوە یەکێکە لەو تاوانانەی کە خوا پەنامان بدات مرۆڤ بەرەو هەڵدێرو لەناوچوون دەباتو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن لەسەر خراپە، جا هەرکەسێك کەوتە نێو ئەم گێژاوەوە ئەوە دەبێت دوا ڕۆژی خۆی بهێنێتە پێش چاو کەدوایی خۆی پەشیمانە لەسەر ئەوەی بۆچی هەموو غەمو پەژارەی دونیاو کارکردن بووە بۆ ژیانی دونیاو دواڕۆژی فەرامۆش کردووە، بەڕاستی ئەم ژیانی دونیایە کە چاوی زۆرێك لە مرۆڤەکانی کوێر کردووە لەئاست بینینی پاداشتو نازو بەخششەکانی خوای گەورە لەو ژیانەی تر کە دوو ڕۆژەو بەردەوامیش هەڵی خەڵەتاندون وتەنها سەرقاڵی سەروەتو سامانو جوانیو ڕازاوەییەکەی کردوون، ئەویش بە هاوکاریو دەست بارگرتنی شەیتانی لێزانو فێڵباز ئیبلیسی نەفرەت لێکراو، خوای گەورەو میهرەبانیش دەفەرمووێت:

---

(11) (بڕوانە: البغوي تفسير سورة المطففين: 9 / 253-254) .

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ [هود].

واتــە: هــەر کەسـێك تــەنها ژیـانی ئــەم دونیایـەو جـوانیو ڕازاوەییەکـەیو بـەرق وبریقی ئـەوی بـویّ، وەپاشـەڕۆژی پـشت گویّ بخات، ئەوە ئێمـەش هـەر لـەدونیادا بــەتێرو تەســەلی هــەموو ئــەو هــەولّو کۆشــشەی کەکردویــەتی وەك ســەردانی خزمانو چوون بۆلای نەخۆشو قسەی زل کـردن تیایـدا .دەدەینـەوە بەتەندروسـتی لاشـەییو ڕۆزی پێـدانیو دەرکردنـی نـاوو شـۆرەتی دونیــایی بەمــەرجێك هیــچیی لێکـەم ناکەینــەوە وەك خــۆی پاداشــتی دەدەینەوە بەلأم ئەوانە لـەدوارۆژدا جگـە لــــەئاگری دۆزەخ هــــیچ بەشــــێكو بەهرەیــەکیان نییــە !وەهــەر هــەولّو چاکەیەك کەلـەدونیا کردبێتیـان هـەمووی بەفیڕۆ چـووە هـەر لـە دونیـادا، هـەروەها پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرموویّت:

( فَوَاللَّه مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَــيْكُمْ وَلَكِنِّــي أَخْشَى أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمْ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَــبْلَكُمْ فَتَنَافَــسُوهَا كَمَــا تَنَافَسُوهَا وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ)(12).

واتە: سوێند بەخوا لە هەژاری ناترسم کە توشی ئێـوە بێـت، بـەلأم دەترسـم دونیـا بڕژێت بەسەرتانداو دەرگای خۆشیەکانتان بۆ بکاتەوە وەك چـۆن کرایـەوە بۆگـەلانی پێــشوو، وەئێــوەش پێــشبڕکێی لەســەر بکــەن وەك چــۆن ئــەوان پێــشبڕکێیان لەسەرکرد، وەلەناوتان بـەرێت وەك چـۆن ئەوانی لەناو برد.

ڕەحمـەتی خـوا لـەزاناو پیاوچـاك شـێخ حەســەنی بەصـری (ڕەحەمــەتی خــوای لێبێت) کە دەفـەرموویّت: (لاتخرج نفــس إبن ادم من الدنيا إلا بحسدات الثلاث: إنه لم يشبع مما جمع ولم يدرك ما أمــــل، ولم يحسن الزاد لما يقدم عليه )(13) .

واتــە: گیـانی نـەوەی ئـادەم دەرناچـیّ لەلاشــەی لــە دونیـادا مەگەرسـیّ ئـاخ هەڵدەکێـشێت: تێــر نــاخوات لـــەوەی کۆیکردوەتــەوە، وەنەگەیـشتووە بـەوەی کەهیوایەتیەتی، وە زادو توێشووی باشـی

(12) (رواه البخاري: 4015، ومسلم: 7614) .

(13) (بروانه: حليــة الأوليــاء: 272/6، وذم الــدنيا 275).

هــەڵ نــەگرتووە بــۆ ئــەو ڕۆژەی لەســەر پێیەکانی دەوەستێت .

**حەوتەم- دواخستنــی تەوبــە :**

تەوبــە کــردنو گەڕانــەوە بــۆ لای خــوا پێویستە لەسـەر هـەموو بەندەیـەك، جـا تەوبـە کـردن لەسـەر ئەنجامـدانی هـەموو تاوانێك پێویستە، وە پەیوەست نییـە بـە تەنها کـاتێك یان شوێنـێك یان تـاوانێك، بەڵکو هەمیشە پێویستە بگەڕێیتـەوە بـۆ لای خـــوای گـــەورەو داوای لێخۆشـــبونو لێبوردنی لێ بکەیت، جا تەوبە کردن خۆی لــە خۆیــدا گــۆڕانو دیــواو دیــو کردنــی بەندەیە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تـر، بۆیـە ئەم جۆرە تەنها بە وتەو قسەی سـەر زار نابێــت، بــەڵکو دەبێــت کــۆچ بکــەی لــە تاوانەوە بەرەو بەندایەتیەکی ڕاستەقینە، هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١﴾ [النور] .

واتـــە: ئــەی ئەوانــەی باوەڕتــان هێنــاوە بگەڕێنــەوە بــۆ لای خــواو تەوبــە بکــەن، هەمووتان وە لەهەموو ئـەو تاوانانـەی کـە گەورەو بچوکن بۆ ئـەوەی ڕزگارتـان بێـت لە سزای خواو سەرفرازی دواڕۆژ بن.

هــەر بۆیــە قەدەغەیــە دواخــستنی تەوبــە وەخۆ هەڵخەڵەتاندنە پێش هـەموو شـتێك وە بە گوێ کردن لە شەیتانیشە لە هەمان کاتدا، بۆیە خوای گەورە بـەزەیی بێتـەوە بە حاڵی من و تۆشدا، ئـەی بەنـدەی خـوا نەکــەی تەوبــە دوا بخــەیت؟! ئــەزانی بـــۆ؟؟ چونکە تۆ نازانیت کەی دەمریت لەوانەیە زۆر نزیك بێـت کـاتی گەڕانـەوەی یـەکجاریت بـۆ لای خـوا، بۆیـە زوو تەوبـە بکە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:

( إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَيَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَـمْ يُغَرْغِرْ )[14].

واتـــە: خـوای گەورە تەوبەی بەندەکـەی وەردەگرێـــت پـــێش گەیـــشتنی بـــە غەرغەرەی گیان کێشان، واتـە تـاپێیش ئــەو کاتــە وەردەگیرێــت دوایــی ســودی نیــیە. هــەروەها لــە فەرمودەیـەکی تـردا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت:

(التَّائِبُ مِنْ الذَّنْبِ كَمَنْ لَا ذَنْبَ لَهُ)[15] .

---

(14) (رواه أحمد والترمذي وابن ماجة وصححه الـشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: 1903) .

(15) (رواه ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: 3008) .

واتــە: ئەو كەسەی كە تەوبە دەكات لـە تاوان، وەك ئەوە وایە كـە هـیچ تـاوانێكی نەكردبێت .

## هەشــتەم- ئافرەتانێــك بە پـۆشــاكی تەسك وتەنـك وكـورتــەوە بمرێت.

بەڕاستس توێژی ئافرەتـان تـەنها مافیـان لە ژێر سایەی دینی ئیسلامدا پـارێزراوەو ڕێزو پلەو پایەیان هـەر لەوێدا بـۆ دیـاری كراوە، هەر بۆیـە ئـافرەتیش وەك هـەموو دروسـتكراوەكانی خـوای گـەورە خـاوەن سـیفەتو جـوانیو ناسـكیو لاشـەیەكی تایبەتیـە كـە تـەنها خـوای گـەورە خـۆی دەزانێـت چـۆن دەبنــە جێـی ســەرنجی پیاوان، جا دوژمنانی ئیسلامو دوژمنـانی بەرنامـە پیرۆزەكـەی خـوا بـەردەوامن لـە سەر پیلان گێڕانو بەرنامە بۆ داڕشـتن تـا وا لــەو ئافرەتانــە بكــەن كــە ببنــە هــۆی لەخــشتە بــردنو ترازانــدنی ڕەگـــەزی بەرامبەر ئـەویش بـە لەكـەدار كـردنو نـاو زڕانــدن وبلاْوكردنــەوەی جۆرەهــا جــلو پۆشاكی ناشـەرعیو سـەرنج ڕاكێـشەر تـا ئافرەتـــانی پـــێ هەڵبخەڵــەتێننو لـــەو ڕێگایەوە مەرازە گلاْوەكانی خۆیان بهێننە دی، هەربۆیــە بــەم جـلو بەرگــە بــەناو داپۆشــەرەوە كەوتوونەتــە نــاو زۆنگــاوو ڕەشاوی چاولێ كەری ڕۆژئـاواو دوژمنـانی خـوا، وەبەداخیـشەوە دەڵـێم لـە ولاْتـی خۆشمـان دەسـتەو تـاقمێكی چاوچـنۆك هەن كە شەوو ڕۆژیان خستۆتە سـەر یـەك بـۆ دوورپـنو بـلاْو كردنـەوەی ئـەم جـۆرە جلانە، سەرەڕای ئەوەی كە كۆمـەڵێكیش هەن خەریكی ڕازاندنـەوەو نمـایش كردنـی ئافرەتــانو شــەرمو شــكۆیان نــەماوەو ئافرەتانی نیوە ڕووت بەرهەم دەهێنن لـە كاتێكدا كۆمەڵگە چاوەڕوانی شتی باشترو چـاكتر دەكـات لەوانـە، بـەلاْم بەداخـەوە ژەهری خۆیان ڕشتووە ......بۆیە لێـرەوە ئەو فەرموودەیە دەدەین بە گوێی هـەموو خوێنەرو گوێگرێك كە خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمووێت:

(صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّــاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَــاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَــدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)[16] .

(16) (رواه مسلم: 7373) .

واتــە: دوو کۆمــەڵ هــەن کــە مــن نــەیانم بینیوە ئەوانە لـە ئـەهلی ئـاگرنو دەچنە دۆزەخـــەوە، کۆمـــەڵێکیان بـــریتین لـــەو کەسانەی کە پیشەیان ئـازاردانی خـەڵکی یە بەقامچی کە لـە شـێوەی کلکـی مانگـا دەچـــێتو لـــە خـــەڵکی پێـــدەدەن، وە کۆمەڵی دووەم ئافرەتانێکن کە پۆشاکیان لەبەردایـــە بـــەلاَم ڕووتیـــشن، (پۆشـــتە ڕووتەکان) ئەوانە بەوە ناوەستن کـە هـەر خۆیان وابن بەڵکو هانی ئافرەتانی تـریش دەدەن کـە بێنـە پێڕیانـەوە، وەبـەڕێگادا بەلەنجەو لار دەڕۆن تا سەرنجی بەرامبـەر ڕابکێـشن، ئـەو جـۆرە ئافرەتانـە قـژیان دەبەســتنو گلۆڵــەی دەکــەنو لــەبان ســەریان دەیبەســتنو کــۆی دەکەنــەوە هەروەك کۆپارەی بـان پـشتی وشـتر، جـا ئەمانـــە ناچـــنە بەهەشـــتەوە، وەبـــۆنی بەهەشـــتیش ناکـــەن، کـــەبۆنی خۆشـــی بەهەشـــت چـــەندەها ســـاڵە ڕێ دەڕوات.

یاخود لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرمووێت: (ثَلَاثٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْعَاقُّ وَالِدَيْهِ وَالْمَرْأَةُ الْمُتَرَجِّلَةُ الْمُتَشَبِّهَةُ بِالرِّجَالِ وَالدَّيُّوثُ)(17) .

واتــە: ســێ جــۆر لــە خــەڵکی ناچـنە بـە هەشــتەوە وەخــوای گــەورەش لــەڕۆژی دوایدا تەماشایان ناکات، ئازاردەری دایكو باوك، ئافرەتانێك کە ڕووتنو لـە پۆشـاکدا لاسایی پیاوان دەکەنەوە، وەکەسانێك کە بێ غیرەتـن واتـە پیـاوانێکن کـە بەتـەنگ ئافرەتـــان وخێزانەکانیانـــەوە نایـــەن، لەڕووی ڕەوشتو هەڵسوو کەوتەوە.

**نۆیـــــەم: چـــــوونە لای جادووگـــــەران و بڕوابوون پێیان.**

جادووگەرانو فاڵچیو ئەستێرە گرەوەکان هەموویان دەکەونە بەر هەڕەشـەی خـوای گـەورەو میهرەبـان، وەتوڵـەو سـزای بـە ئازاریان هەیە لە دوا ڕۆژدا، چونکە ئەوانە بـێ بڕوابـوون بـەو خوایـەی کـە تـەنها دەســـەلاَتو زانـــینی شـــتە نادیـــارو پەنهانەکان شایستە بە خۆیـەتی، وەهـیچ کەیـسش ناتوانێـت غـەیب بزانێـت تـەنها خوای گەورە خۆی نـەبێت، وەهەرخۆشـی

(17) (رواه أحمد والنسائي والبزار والحاكم وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: 2070).

بڕیاردەرو ژیێنەرو مرێنەرو دروستكەرە، وەك دەفەرموویێت:

﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾﴾ [الجن] .

واتە: تەنها خوای گەورەو میهرەبان خۆی زانایە بە شتە نادیارو غەیبەكان، وە بە هیچ جۆرێك شتە نادیارو غەیبییەكان بۆ هیچ كەسێك دیار ناخاتو ئاشكرای ناكات، جا كەسانێك هەن دەچنە لای ئەو جادووگەرانەو بڕوایان پێ دەهێننو خۆیان لە دینی ئیسلام بێ بەری دەكەن (پەنا بەخوا) بەوەی كە گوایە شتە نادیارەكانیان پێ دەڵێنو دڵیان خۆش دەكەن بەڵام خۆی لە ڕاستیدا وانیە بەڵكو قورئان دەفەرموویێت:

﴿سَحَرُوٓا۟ أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ ﴿١١٦﴾﴾ [الاعراف] .

واتە: جادووگەران بەو جادووەی دەیكەن خەڵكی پێ هەڵدەخەڵتێنن, وەخەڵكی پێ چاوبەستو چەواشە دەكەن، وەخەڵكانیش دەترسنو ترس دەچێتە دڵیانەوە, **هەروەها پێغەمبەری خوا** ﷺ دەفەرموویێت:

**(مَنْ أَتَى كَاهناً أَوْ عَرَّافاً فَصَدَّقَهُ بمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ)**(18).

واتە: هەركەسێك بچێتە لای جادووكەرێك یان فاڵچیەك یان كاهینێك، وەباوەڕی پێ بكات وە بەوەی كە دەیڵێ بەڕاستی بخاتەوە ئەوە بێ باوەڕ بووە بەو قورئانەی كە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خوا موحەممەدﷺ، یان لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموویێت:

**(مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)**(19) .

واتە: هەركەسێك بچێتە لای فاڵچیەكو پرسیاری لێ بكات دەربارەی شتێك، ئەوا بۆ ماوەی چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت.

كەواتە چوونە لای فاڵچیو جادووگەر هۆكارن بۆ كۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە.

**دەیەم:باوەڕنەكردن بەقەزاو قەدەری خواو ڕق لێ بوونەوەی.**

(18) (رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: 3047).

(19) (رواه مسلم: 5957) .

بێگومان قـەدەر یەکێکـە لـە بنـچینەکانی باوەڕبوون بە خـوا وەبەشـێکی گرنگیـشە لەشەش پایەکە لەلای پێشەوایانی ئـەهلی سوننەو جەماعە وە بە بێ باوەڕبوون بـەو پایەیە بـاوەڕ دانامـەزرێت، وەباوەڕبوونـە پێـی بـە خـەیرو شـەڕیەوە، وەك ئـەوەی پێویستە مرۆڤ لە هەموو کات وساتەکاندا خـۆی تەسـلیمی قـەدەری خـوا بکـات، هەروەك قـەدەر خـۆی بریتیـە لـەو یاسـاو ڕێساو بەرنامـە تۆکمەیـەی خـوای گـەورە خۆی دایڕشتووەو بوونەوەری لێ دروسـت کــردووە، وە مرۆڤــ و جــنو هــەموو دروسـتکراوەکانی بـەو بەرنامەیـە دەڕۆن بەڕێوە، خوای گەورەش دەفەرموویێت:

﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾ [القمر] .

واتـە: ئێمـە هـەموو شـتێکمان بەقـەدەرو ئەنـدازە ڕێـژی دروسـت کـردووە یـاخود دەفەرمووێ:

﴿ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾ ﴾ [الرعد] .

واتــە: هــەموو شــتێك کــەلای ئێوەیــە بەئەندازەو قەدەری خوایە

(ثَلاثَة لايَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَة صَرْفًا وَلَا عَدْلًا عاق وَمَنان وَمَكذُبُ بِالقَدَر)[20] .

واتـە: سـێ جـۆرە کـەس لـە ڕۆژی دوایـدا خوای گەورە نە تەوبەیان لێ وەردەگرێت وەنەفیدیـەیان لـێ وەردەگرێـت: ئـازار دەری دایـك وبـاوك، منەتکـەر بەسـەر خەڵکیـدا، وەبـەدرۆ خـەرەوەی قـەدەر. هــەروەها پێغەمبــەری ئازیزمــان ﷺ دەفـەرموویێت: (إِنَّهُ سَيَكُونُ فِي أُمَّتِي أَقْوَامٌ يُكَذِّبُونَ بِالْقَدَرِ)[21] .

واتە: بەڕاستی لە دوای من کەسانێك دێن کـە قـەدەری خـوا بـەدرۆ دەزانـنو بـڕوای پێناکەن.

ئیمــامی مــەنناوی لــە ڕاڤــەی ئــەم فەرموودەیــەدا فەرموویــەتی: (أي لا يصدقون بأنه تعالى خلق أفعال عباده كلها من خير وشر وكفر وإيمان)[22].

واتـە: باوەڕیـان بـەوە نییـە کـە خـوای پەروەردگار بەدیهێنەرو خالقی کـردەوەی

---

(20) (رواه الطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: 3065) .

(21) (رواه احمد وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع: 3669) .

(22) بڕوانە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير: 133/4)

بەندەکانە لە خێرو شەڕو کوفرو ئیمان, وە پێغەمبەری خواﷺ لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: (لَوْ أَنَّ اللَّهَ عَذَّبَ أَهْلَ سَمَوَاتِهِ وَأَهْلَ أَرْضِهِ لَعَذَّبَهُمْ غَيْرَ ظَالِمٍ لَهُمْ وَلَوْ رَحِمَهُمْ كَانَتْ رَحْمَتُهُ لَهُمْ خَيْراً مِنْ أَعْمَالِهِمْ وَلَوْ كَانَ لَكَ جَبَلُ أُحُدٍ أَوْ مِثْلُ جَبَلِ أُحُدٍ ذَهَباً أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ مَا قَبِلَهُ اللَّهُ مِنْكَ حَتَّى تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ وَأَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ وَإِنَّكَ إِنْ مِتَّ عَلَى غَيْرِ هَذَا دَخَلْتَ النَّارَ)(23) .

واتە: ئەگەر بهاتایە خوای گەورە هەموو ئەهلی ئاسمانەکانو ئەهلی زەوی ئەشکەنجە بدایە, ئەوا ئەشکەنجەی دەدانو ستەمیشی لێ نەدەکردن, وە ئەگەر ڕەحمیشی پێ بکردنایە ئەوا ڕەحمەتەکەی ئەو باشتر بوو بۆیان لە کردەوەکانی خۆیان, وە ئەگەر هێندەی کێوی ئوحد ئاڵتون لە پێناوی خوای گەورەدا سەرف بکەیت خوای گەورە لێتی قەبووڵ ناکات هەتا باوەڕ بە قەدەریش نەهێنیت, وە بزانیت ئەوەی کە توشت بووە هەر دەبوو توشت بێت، وە ئەوەی کە توشت نەبووە هەرگیز نەدەبوو توشت ببێت, وە ئەگەر لەسەر هەر بیرو باوەڕێکی تر جگە لەمە بمریت ئەوا دەچیتە ئاگرەوە. وە بێگومان ئەم تاقمو دەستانە هاتنە دی وبوونیان هەبوو وەهەیشە کە لەوانەن بڕوایان بە قەدەری خوا نییە، لەوانە کۆمەڵی قەدەریەکان (القدرية ) کە یەکەم کۆمەڵێ گومڕابوون لەدوای چینی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمانە دەرکەوتنو کەسانێك بوون کە بڕوایان بەوە نەبوو کە هەر شتێك ڕوودەدات قەدەری خوایە وەقەزاو قەدەریان بە ڕاست نازانیو دەیان ووت هەموو شتێك کە لە گەردووندا ڕوودەدات بە قەزاو قەدەری خوا نییە، بەڵکو ئەمانە هەمووی بە هەوێ پیسیو چەپەڵی بەندەکانەوەیە، هەربۆیە ئەمانە لای ئەهلی سوننەو جەماعە لە دین دەرچوونەو ئەوانە مەجوسی ئەم ئومەتەن، هەروەك یحیی بن یعمر بە عبدالله ی کوڕی عومەریرضي الله عنه ووت: ئەی باوکی عبدالرحمن خەڵکانێك پێش ئێمە هەبوون قورئانیشیان دەخوێند بەڵام

(23) (رواه احمد وابوداود وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع: 5244).

گومڕا بوون بەوەی کە دەڵێن: هەرچیەك ڕوو دەدات (انف) واتـە: پێشتر تەقدیر نـەکراوەو بەرنامـەی بـۆ دانەڕێـژراوە، لەلایـەن پـەروەردگارەوە، وەدەڵێن خـوا زانیاری پێی نەبووە بەڵکو کاتێك شتەکە ڕوویدا ئینجا خـوای گـەورە زانیـاری پێـی دەبێت، جا ابن عمر ﵁ فـەرمووی: دەی ئەگـەر تـۆ گەیـشتی بـەو جـۆرە کەسـانە پێیان بلێ: مـن لێیـان بـەریم وەئـەوانیش لەمن بەرین، پاشان فەرمووی: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئەگـەر هـەر یـەکێکیان بەئەنـدازەی کێـوی ئوحـود ئـاڵتوونی هـەبێت و لـەپێناوی خـوادا بیبەخـشێت ئـەوە خـوای گـەورە لێـی وەرناگرێت، تاکو باوەڕی بە قەدەری خوا نـەبێت بـە خێـرو شـەڕیەوە، پاشـان فەرمووی:

(ان مجوس هذه الامة المكذبون بالقـدر ان مرضوا فلا تعدوهم وان ماتوا فلا تـصلوا عليهم وان لقيتم فلا تسلموا عليهم )[24] .

واتە: مەجووسی ئەم ئوممەتە ئەوانەن کە قەدەری خوا بۆ شتەکان بەدرۆ دەزانن جا ئەگەر ئەوانـە نـەخۆش کـەوتن مەچـن بـۆ سـەردانیان، وەئەگـەر مـردن نوێـژیان لەسـەر مەکـەن، وەئەگـەر لـە ڕێگەیەکدا بەئەوان گەیشتن سـەلامیان لـێ مەکـەن. کەواتــە زۆر کــارێکی ترســناکە ئەگــەر کەسـێك لەسـەر ئـەم حاڵەتـە بمرێـتو بگەڕێتەوە بۆ لای خوا چونکە بـێ بەشـە لە بەهەشتی خوا.

**یانزەهەم: مـردن لەسـەر کـاری داهێنـراو** ( بدعة ) **زیادکردن لە دیندا**.

بیدعە کاری زیادکراوە لەدیندا وەداهێنانی شـتێکە کـە بنـچینەی نـەبێتو بەهـەواو ئارەزووو بخرێتە ناو دینـەوە، یـان شـتێك هەڵبەستی بۆ خواو پێغەمبەری خوا ﷺ ئـەوە لـەدینی خـوادا جێـی نابێتـەوەو دەدرێتـەوە بەسـەر خاوەنەکەیـدا، سەرەڕای ئەوەش سزای خوای بۆ هەیە لە دواڕۆژدا، وەهەرکەسیش لەسەر ئەو کارە کۆتـایی بەتەمـەنی بێـت ئـەوە لەسـەر گـومڕایی مـردووەو هـەموو گومڕاییـەکیش بـۆ نـاو ئـاگری دۆزەخـە (خـوا پـەنامان بـدات) هـەروەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ

(24) بروانـە: (لمحة عن الفرق الضالة للشيخ الدكتور صالح بن فوزان الفوزان: ص 32 ) .

دەفەرمووێت: (كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار)[25] .

واتە: هەموو زیادکردنێك لە دیندا گومڕاییە وە هەموو گومڕاییەکیش بۆ ئاگری دۆزەخە. وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێشەوامانﷺ دەفەرمووێت: (إنَّ اللَّهَ احتَجَرَ التَوبَةَ عَلَى كُلِ صاحِب بِدعَة)[26].

واتە: بەڕاستی خوای گەورە تەوبەی قەدەغەکردووە لەسەر هەموو خاوەن بیدعەیەك.

هەر بۆیە خاوەن بیدعەو زیادکەر لەدیندا هەمیشە لە خەمی زیادکردن وبەرەو پێشبردنی بەرنامە دەستکردەکەی خۆیەتی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە هەڕەشەی خواو پێغەمبەری خواﷺ دەربارەی ئەو زیادکردنانەی کە بە ناوی دینەوە دەکرێن. بۆیە ئەم کەسانە تازیاتر لەو بوارەدا هیلاكو ماندوو ببن زیاتر هۆکارن بۆ ئەوەی لە خوای گەورە دوور بکەونەوە. وەمردنیش لەسەر ئەم کارە هۆکارە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە. خوای گەورەو میهرەبان هەمووان بپارێزێت و بەدوورمان بخات لەم کارە بێزراوە.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

## سەرچاوەکان

1- أحكام الجنائزو بدعها (الشيخ المجدد محمد ناصر الدين الالباني) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

2-معلومات مهمة من الدين لايعلمها كثير من المسلمين (محمد بن جميل زينو) (خوا بیپارێزێت).

3-حسن الخاتمة (يوسف الحاج احمد) (خوا بیپارێزێت).

(25) (رواه احمد وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: 1353).

(26) رواه البيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: (1619) .